# وەڵامی پرسیارەکانی سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ ئەمریکا
# سەردانی کۆندالیزا رایزە بۆ هەولێر

**عمر شريف/كفرى**

رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەمرۆ کە جێگای بایەخی تەواوی وڵاتانی زلهێز و بڕیار بەدەستەکانە ، هەروەها میدیا و کەناڵەکانی راگەیاندن هەواڵە بەپەلە و خێراکانیان لیرەوە وەر دەگرن و بایەخی تەواوی هەیە بۆیان ، دۆزی کورد لە کوردستانی گەورە بەتایبەتی (عێراق و تورکیا) بەشی شێری لەم بایەخ پێدانە هەیە ، هەرچەندە ئەم بایەخ پێدانە چڕ ببێتەوە ئەوەندە زومی کامیراکان و سەرنجی سیاسەت مەداراکان لەسەر بشووری کوردستان (عێراق) , چونکە خاوەن کیان و حکومەت و پەرلەمان و بریاری سەربەخۆی خۆیەتی و لە هاوکێشەکان لەیەکدانەوەی  تایبەتی بۆ دەکرێت ، ماوەیەکە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی PKK زۆر ! هەوڵی ناوخۆی و دەرەکی کەوتونەتە گەر بۆ نەهێشتنی ئاگری شەر و ئاژاوە لە ناوچەکە ، بۆ کوردستانی باکوریش ناوچەکە چەند ئارام بێت ئەوەندە لەبەرژەوەندیدایە ، دەستەلاتی سیاسی کوردستانیش لەم هاوکێشەیەدا رۆڵ دەبینێت ، هەموو هێڵە سەرەکیەکانی لایەنی نەتەوەی و بەرژەوەندی کوردی لەبەرچاو گرتووە ، لەبەرامبەر ئەمەش تورکیا ناچێتە ژێر باری ئەوەی کێشەکە وەکو دوولایەنی شەر و ئاشتی سیاسیانە چارەسەر بکات و لەم چارەسەرکردنەشدا نایەوێ رۆڵی کورستانی تێدا بێت , جارێ هەر باوەڕی بەهێز و چەك هەیە ئەگەر واش نەبێت بەلاّم دیوی ئاشکرای باوەڕیان ئاماژەی بەو جۆرە دەکات ، سەردانەکەی ئەم دوایەی ئەردۆگان بۆ ئەمریکا و کۆبونەوەکانی لەگەڵ جۆرج بۆش بێگومان چەندی بۆ مەبەستە راگەیاند راوەکا چوو بوو ، لەوە زیاتریش بابەتی نهێنی و شاراوە باس و خواستی لەسەر کراوە ، لەم کات و ساتەدا ناتوانین ئەوە بلێین و بیزانین گشت باسەکانی گفتوگۆ دوو قۆلیەکە چی باس کراوە , بەلاّم بێگومان کوردستان و پرسی کەرکوك و داهات و نەوتی کوردستان و هاتنی کۆمپانیا بیانیەکانی تیا بووە , لەگەڵ هاتنەکەی کۆندالیزا رایس بۆ کورا دستان هەندێك لە وەلاّمی ئەم پرسیارانەی ئێمە ئەداتەوە ، بونی ئالاّی ك وردستان و ئارمی حکومەتی هەرێم و پێشوازی سەرۆك بارزانی بە شێوەیکی فەرمی و دیداریان لەگەڵ كاك نێچیرڤان و حکومەتی کوردستان نەبوونی ئالاّ کۆنەکەی بەعس ئەمەشیان بۆ خۆی وەلاّمێکی پڕ بە پێستە بۆ ئەردۆغان و ئەوجار بۆ رای گشتی تورکیا و جیهان ، تا ئێستاش لە تورکیا بەتایبەتی (عەسکەر و جەنەراڵەکان کە بریاری یەکلای کەرەوەیان بەدەستە) باوەڕێکی بەهێزیان هەیە کە دەسەلاّتی سیاسی کوردستان بە لایەنگر ئەزانن نەك بە ناوبژیکار بۆ چارەسەر کردنی پرسی (PKK )، هەروەها باوەڕیشیان وایە یان باشتر وایە بلێن خۆیان وا پیشان ئەدەن پرسەکە (PKK) بە شەڕ چارەسەر دەکرێت نەك بە چارەسەری سیاسانە ، کەئەمەی دوای چارەسەری گونجاو عادیلانەیە ، هاتنی خودی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کوردستان بەو شێوە فەرمیە ئەو راستیەی سەرەوە دەسەلێنێت وەلاّمێکیش بۆ ئەنقەرە کە بێ کوردستان و عێراق چارەسەری PKK مەحاڵە , ئێستا بە هۆی سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی پازدە ساڵی ڕابەردووە لە مامەڵەی دەسەلاّتی کوردی لەگەڵ دەرهاوسێکان و جولاّنەوەی هۆشیارانە لەگەڵ کێشەکان و پاڵە پەستۆ بازاری ئەوروپا , پەیدا بوونی پارت و کەسانی سیاسی و رۆشنبیرانی میانڕەو وایان کردووە دیدی تورکیا لە چاو ڕابەردوو بگۆڕێت بەرانبەر کوردی باشوور هەر چەندە ئەم باش بوونە وەکو ڕێژە زۆر کاریگەر و جێگیر نیە بەلاّم گۆڕانیٚ! کی پۆزەتیڤە و هەستی پێ دەکرێت , ئەکرێ لە ئایندە پەرە بەم لەیەك حال ی بوونە بدرێت و تورکیاش دان بە ئەمری واقعیدا بنێت .